کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17-9-2007 19:53

# عێراق و خورما و وشتر و نەوتیش بۆخۆتان ... شێرزاد عومەر

S-h-m007@hotmail. com




نازانم عەرەب بە چی عێراقەوە دەنازێت، خۆ هەر ئەو عێراقە بوو بووە مایەی ئابرۆچوونی هەموو دونیای عەرەبی، ئەو دونیایەی بە روخانی خەلافەتی ئەنفال حالی شپرزە بوو، وای زانی گەورەترین باوەگەورەیان مردووە، بۆیە لەدوای لەسێدارەدانی سەدامیش زۆرێك لە وڵاتە عەرەبیەکان راستەوخۆ و ناراستەوخۆ پرسەیان بۆ سەدام دانا و بە (شهید امه عربیه) ناویان برد و تا ئێستاش بە (عمرمختار) ی عێراق دەیچوێنن، بەڵام دونیای عەرەب دوای روخانی ئەو رژێمە کە سەرەڕای بینینی ئەو هەموو گۆڕە بەکۆمەڵ و ئەم هەموو سووکایەتی و پێشێلیەی مافەکانی مرۆڤ هێشتا پارێزگاریان لەو بارودۆخەی بەعسیەکان دەکرد و لەم پێناوەش بەهەزاران خۆکوژیان رەوانەی عێراق کرد بۆ سواخدانی شەقامی عێراقی بە خوێنی خەڵکی سڤیل، هەتا ئێرە لێدوانێکی کورتمان لەسەر دونیای مردووی عەرەبی بوو، بەڵام ئەو پرسە سەرەکیەی کە لێدوانی زۆر هەڵدەگرێت وا بەستەیی سیاسەتمەدارەکان و هەندی لە خەڵکی ساویلکەی ئێمەیە بەو گۆڕستانەی کە عێراقی ناوە.

گەلۆ" دەبێت چ حیکمەتێك لەو سیاسەتە سواوەی سیاسیەکانمان داهەبێت.. ؟ئەوە بۆ خۆیان جێدێڵم.

هەموو دونیا بە ئەمەریکاشەوە هیچ بایەخێکیان بۆ پێگە و سەنگی سیاسی کورد نەهێشتۆتەوە، لەو روانگەی رەشبینیەوە نادوێم بەڵکو ئەمە ئەو واقیعە تاڵەیە کە دەبێت بەناچاری لەسەر پەڕاوە سپیەکانیش بێت دەبێ قەبوڵی بکەین و واژووی لەسەر بکەین.

باسی سەرەکیمان عێراق و تایبەتمەندیە شێواوەکانی عێراقە، ئایا کوردچ سوود و زیانێك دەکات لە پارچە بوونی عێراق یان چاکتر بڵێم لە ئازادبوون و سەربەخۆبوونی یەکجارەکی ئەو پارچەیەی کوردستان و دابڕانمان لە دونیای عەرەبی.. ؟ ئایا کورد بەگشتی و سیاسەتمەدارەکانمان بە تایبەتی ناخوازن لە عێراق جیاببنەوە یاخود بە جیانەبوونەوەمان لەعێراق داهات و سەروەت و سامانی سیاسەتمەدارەکانمان دەگاتە لووتکە و وڵاتە زلهێزەکانیش بەهۆی کوردەوە درێژە بە گەمە دۆڕاوەکانیان دەدەن.. ؟

ئەوەی من لێی حاڵی بوومە تا ئێستا ئەوەیە کە شتێك لە ئارادایە بۆ پارچەبوونی عێراق کە ئەویش نەك لەبەر خاتری چاوەکاڵەکانی ئێمەی کورد بەڵکو بۆ سەدان مەبەستی وڵاتە زلهێزەکان... هاوکێشەکانیش بە رادەیەك ئاشکران کە خوێندنەوەیان بۆ هەموو کەسێك زۆر ئاسانە، ئیتر پابەندبوونی ئێمەی کورد بەعێراقەوە لەم نێوەندە تەنها دوو واتا دەگەیەنێت یەکەمیان بۆسەیەکی ژیرانە و دووەم بەناچاری. پێم وایە ئەوەی دووەم زۆر لەجێیە و پرۆگرامەکەمان بەو شێوەیە بۆ دانراوە و بە هەر لادانێکی بچووك شکاوی داتایەکان سەری نەزانی و توکنەرمی خۆمان دەخوات.

بۆیە واچاکە پێش کۆتایی هاتنی ئەو گەمە ترسناکە چ خورما و چ وشتر و چ ئێراقی مردوو هەیە پێشکەشی دونیای عەرەبی بکەینەوە و لەپێناو نەوتیش دووبارە چارەنووسی نەتەوەیەك نەخەینەوە بەر مەترسیەکانی قڕکردن، هیچمان گەرەك نیە لە دونیای وشتر و خورما و عەرەب و گۆڕستانی عێراقی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

مردوو، ئێمە میللەتێكین وا لە سەدەی 21دا تازە دەمانەوی زیندوو ببینەوە بەری رەنج و كۆششی دەیان و سەدان ساڵەمان ببینین نەك لە دەستپێكی زیندووبوونەوەكان بكوژرێین لە عێراقی مەرگ و خوێن، بۆیە هاندانی شەقامی كوردی و دروستكردنی رای گشتی توند بۆ ئەم ستراتیژە ئەركی هەموو نووسەر و رۆشنبیرێكی كوردپەروەر و دڵسۆزە.

جیابوونەوە

چیاكانمان بۆ خۆمان و بیابانەكانتان بۆ خۆتان
ئەهوارەكانتان بۆ خۆتان و كانیەكانمان بۆ خۆمان
جشداشە و عەگالتان بۆ خۆتان و رانكوچۆغە و كڵاوجامانەمان بۆ خۆمان
دۆشاوتان بۆ خۆتان و هەنگوینەكانمان بۆ خۆمان
خورماكانتان بۆ خۆتان و گوێز و بەرووەكانمان بۆ خۆمان
وشترەكانتان بۆ خۆتان و ئەسپەكانمان بۆ خۆمان
شمشێرەكانتان بۆ خۆتان و خەنجەرەكانمان بۆ خۆمان
بەغدا بۆ خۆتان و كەركوكی ئێمە بۆخۆمان
تیرۆر و داگیركاری و رەشەكوژی و ئاژاوە ێنعەتی ئێوەیە
ئاشتی و تەبایی و مرۆڤایەتی بیرو هزری ئێمەیە
نەزانین و بەرماڵ و مزگەوتەكانتان بۆ خۆتان
زانین و زانست و ژیان بۆ خۆمان
عەرەبستان بۆ ئێوە و كوردستانیش بۆ ئێمە

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.